*Halabja centre*
*Against Anfalization*
*and*
*Genocide of the Kurd*
*CHAK-KURDISTAN*

ناوەندی هەڵەبجە
دژبە ئەنفالكردن وجینۆسایدی گەلی
كورد/ چاك كوردستان
Chak_kurdistan@yahoo.com

## لەشاری دوزخورماتوو ژیان لەهەموان دڵشكاوترە.

## ئەو ( پرۆژەی وادی ئەلمانی وناوەندی چاك ) خەریكی بوون حكومەتی هەرێمی كوردستان جێبەجێی كرد.

**عومەرمحەمەد**

ئێوارەیەكی سەرەتای مانگی نۆڤەمبەر تەلەفۆنێكم بۆهات، باسی هەلومەرجی دژواری كۆمەڵێك خوێندكاری بۆكردم، كەباوكیان ئەنفالكراوەو چیدی لەتوانایاندانیە بخوێنن، ئەوەی لەوپەیوەندیە تەلەفۆنیەدا قسەی لەسەركرا خەمی 33 خوێندكاربوو، كەهەموویان لەقوناغی ئامادەیدا بوون، كاك مەلاكەریم لەبەرئەوەی خۆی هەمووخێزانەكەی ئەنفالە لەناخەوە تیدەكۆشا قەناعەتم پێبكات، تامشورێكی ئەوخوێندكارانە بخۆین، منیش كە لەناخەوە دەسوتام، وەڵامم دایەوە كەوا هەوڵبدەن وردتركاری تێدابكەن، بەپێی شارەزایی خۆم وای بۆچووم كە شاری دوزخورماتوو، ئێستا بووەتە شوینی نیشتەجێی زۆربەی گوندە ئەنفالكراوەكانی ناوچەی نەوجول‌و زەنگنەو داودەو دەوروبەری بەوپێە ژمارەی ئەوخوێندكارانە زیاترن كە باری ئابووریان خراپە، چونكە من بەهۆی گەشتەكانی ئەنفالستانەوە دەزانم ئەوناوچەیە چەندە قوربانی داوە، لەلای خۆمەوە بەلێنم پێدان كەوا زۆر بەجدی هەوڵبدەم بۆئەوەی چارەسەرێكیان بۆبدۆزینەوە، دوا داواشم هەرئەوەندە بوو كەدواتر لەگەڵ بەرێوەبەری خوێندنگاكانیش جەختمان لەسەركردەوە، هیچ جیاكارییەكی سیاسی‌و ئاینی‌و حزبایەتی نەبێتە رێگر لەبەردەم سەرخستنی ئەم پرۆژە ئینسانیە، ماڵیان ئاوابێ بەهەوڵ‌وهیمەتی كاك مەلاكەیم وكاك عەباس لەخوێندكاران‌و كاك مەلافریاد كەخەمخۆرێكی ئەنفالكراوەكانە لستێكیان بۆناردم ناوی 44 خویندكاری لەخۆگرتبوو، منیش كەوتمە خۆ بۆدۆزینەوەی شوێنێك كەهاوكاریان بكات، سەرەتا لەگەڵ چەند وەزیرێك لەبارەی كێشەكەیانەوە دوام بەڵام ئومیدم نەبوو جدیەتێك لەقسەكانیاندا هەبێت، چونكە ئەوخوێندكارانە پێویستیان بەچارەسەری بەپەلە هەبوو، وای بۆچووم رۆتین‌و دەستی دەستی‌و بەڵێنپێدان دەردی ئەوان تیمار ناكات، دواتر لەگەڵ رێكخراوی وادی ئەلمانی قسەم كردو پرۆژەكەم باسكرد، بەسوپاسەوە زۆر بەجدی هاتنەپێشەوەو لەكورت ماوەدا وادەی دانیشتن‌و گفتوگۆیان داناو بەئامادەبوونی "تۆماس -Tomas " بەرێوەبەری رێكخراوەكە لەعێراق‌و كاك فەلاح بەرێوەبەری ئۆفیسی سلێمانی رۆژی (11/4) دانیشتنمان لەسەركردو گەیشتینە ئەوبروایەی ئاورێكی خێرایان لێبدرێتەوە.




یەكەم هەنگاوی مەیدانی بۆ جێبەجێكردنی پرۆژەكە:
بەیانی 11/12 كەوتمە رێ، هەتا لەكفری لەگەڵ كاك عاسی فرود بەرپرسی ئۆفیسی گەرمیانی ( WDI ) وادی ئەلمانی یەكبگرینەوەو، بەمەبەستی سەردانێكی مەیدانی پەیمانگاو ئامادەییەكان بچین بۆشاری دوزخورماتوو، سەعات 9:30 لەكفریەوە بەرەوشاری دوز كەوتینە رێ، كەپڕوشە بارانێكی كەم جامی ئۆتۆمبیلەكەمانی تەڕكرد دڵمانخۆش بووچونكە دەمێكە تینوی بارانین، بەڵام باران نەباری‌و لەنیوەی رێگە كەوتینە ناوتەمێكی خۆڵاوییەوەو مەترسی بۆپەیداكردین، لەبەرئەوەی ئەو كەش‌و هەوایە زەمینە بۆ تیرۆریستان هەموارتر دەكات تا لە پێناوی تێكدانی باری ئاسایشی ناوچەكە دەست لەهاوڵاتیان بوەشێنن.

ماوەیەکی درێژە تیرۆرستان ئارامی دوزخورماتوویان تێکداوە، شارەکە تارادەیەکی زۆر بۆ ئێمەومانان مەترسیداربوو، هەرچۆنێك بوو بەوترسەوە گەیشتینەجێ، لەگەڵ کاك(عەباس عەلی) خویندکارانو کاك( ئارام ) کە باوکی ئەنفالکرابوو، سەردانی خوێندنگاکانمانکردو لەنزیکەوە چاومان بەبەرێوەبەرو هەندێك لەمامۆستایانو خوێندکارەکان کەوت ، بینیمان خوێندکارەکان بەنەدارییەکی مەترسیدارەوە دەخوێنن، ئینجا باسی پرۆژەکەی خۆمان بۆکردنو پێمان ڕاگەیاندن کەوا ئامانجی ئەم دوو ڕێکخراوە (ناوەندی چاكو وادی ئەلمانی) ئەوەیە: " هاوکاری بەردەوام بوونتانە لەخوێندن" لەراستیدا ئەونوخبە خوێندکارەی کەبینیمانن لەبارێکی ئابوری زۆر دژواردابوون.
بێگومان شاری دوزخورماتوو ئەوەندە پەراوێزخراوە هەرخوێندکارانو کەسوکاری ئەنفالکراوان نین کەمەحرومن، بەڵکو لەوێ ژیان لەهەموو شتێك دڵشکاوترە، ئەوەی بەهای نەبێت مرۆڤومافەکانێتی، ئەوخەڵکە رۆح سوكومیوان دۆستە هێندە پەراوێزخراوە هێشتا بۆنی ئاوارەیی سەرسنوریان لێدێت، بەڵام ئامانج لە سەردانەکەی ئێمە دۆسێی 44 خوێندکاری باوكودایك ئەنفالکراوبوو، چارەسەری هەموو کێشەکانی وەها شارێك بۆ ڕێکخاوێك یان دوو ڕێکخراو کارێکی بێهودەیە، بەلکو ئامانجی ئێمە تەنها بەپیرەوەچوونی ئەوخوێندکارانەبوو، کەچی ئەوەی بینیمان حاڵوئەحوالی خەڵکی ئەوشارە هەمووی هەر تراژیدیایە، دووساڵە پێداویستیەکانی خوێندن بۆئەو شارە دابین نەکراوەو زۆربەی مامۆستاکان ئەوکێشەیان باسکرد ئەوەی سەرنجی راکێشام ژوری هیچ بەرێوەبەرێك ئەوەندە پۆشتە نەبوو شایستەی ئەوەبێت پێی بگوترێ ژووری بەرێوەبەر؟ ( مامۆستا رەمەزان فقی حوسێن) بەرێوەبەری دواناوەندی ئیبن خەلدون راشکاوانە دواو ووتی بۆماوەی دووساڵیش دەبێت نەك کتێب تەنانەت یەك قەڵەمو یەك لاستیکی خەتکوژانەوەشمان پێنەگەیشتووەو هەمووی خوێندکار خۆی دابینی دەکاتو دەیکڕێت.
شاری دوزخورماتوو ئەگەرچی قوربانیەکی زۆری داوە، بەڵام بەرادەیەك پشتگوێ خراوە، مرۆڤ دەخاتە بەردەمی دورێیانێکی ترسناك، یان ئەوەتا بەچۆکتدا دەهێنیو بێئومید دەبیت، یان بەپێچەوانەوە دەگەیتە ئەو بروایەی گوێ بەم بێمتمانەییە نەدەیتوقۆڵی لێهەڵماڵیتو شەری یەکلاکەرەوەی مافەکانی مرۆڤ بکەیت، بەرێوەبەری یەکێك لەخوێندنگاکان دوای ئەوەی بەگەرمی بەخێرهاتنی کردینو لەمەبەستی چوونەکەمان حاڵی بوو بەوە سەری قسەکەی کردەوەووتی: ئێمە لەهەلومەرجێکی زۆر نالەباردا دەژین وەکو ئیدارە هێشتا سەر بەپارێزگای تکریتین بەڵام خۆتان باری ئەم ناوچەیە باش دەزانن، لەراستیدا ئیمە خۆشمان نازانین سەربەکوێن نەئەوەتا سەربە حکومەتی ناوەندی بین، نەئەوەتا سەربە حکومەتی هەرێم بین..
لە لەدوای کاتژمێر 10ی بەیانیەوە بەپێی پلانێك دەستمانکرد بە روپێوی خوێندنگاکان، بۆ باری ئەمنیش بەسەیارەیەکی مەدەنی ژمارەی کاتی کە زیاتر لەوێ بەکاردێتو دواتریش بە سەیارەکی تری تەکسی کەوتینە جێبەجێکردنی پلانەکەمان، سەرەتا لەپەیمانگای مامۆستایانەوە بەچاوساغی ستافی کومەڵەی خوێندکاران دەست بەکاربووین، یەکەم هەنگاومان لەپەیمانگای مامۆستایانی کچانەوە بوو. بەم شێوەیەی خوارەوە:
پەیمانگای مامۆستایانی کچان:
سەعات 10:45 دەقیقە یەکەم دیدارمان لەگەڵ پەیمانگای مامۆستایانی کچان بوو، سەرەتا بەرێوەبەری پەیمانگاکە ( مامۆستا نەسرین ) بەگەرمی بەخێرهاتنی کردین، ئەویش زۆر بەپەرۆشەوە باسی موعاناتی خویندکارەکانی کرد، جگەلە پرۆژەکەی ئێمە ئەوەشی بۆ زیاد کرد کەخوێندکاری زۆر زیرەکیان هەیەو تەنانەت کرێی سەیارەی پێنیە بۆ هاتووچۆ، ئینجا ووتی: خۆ هەر منداڵی ئەنفالکراوان نین کەئەو بارەنالەبارەیان هەیە، خوێندکارمان هەیە کەسی ئەنفال نەکراوە، بەڵام وەزعی لە کەسوکاری ئەنفالەکراوەکان زۆر خراپترە، ناوی خوێندکارێکی هێنا کە تورکمانەو لەتەقینەوەکەی ئامرلی برینداربووەو زۆر زیرەکە ئێستا وا عەمەلیاتی بۆدەکرێت، بەر لەتەقینەوەکەش باری دارییان زۆرخراپبووە.مامۆستا درێژەی بەقسەکانی داو ووتی: خۆزگە پرۆژەکەتان هەمووخوێندکارە هەژارەکانی دەگرتەوە، ئینجا هاتە قسەکردن لە سەرخراپی بینای پەیمانگاکە، شایانی باسە پەیمانگاکە لەساڵی 1996 دامەزراوەوئێستا نزیکەی 500خوێندکاری کچ تیایدا دەخوێنن، بەڵام ئەو بینایە بۆ پەیمانگا شیاونیە، چونکە پێشتر قوتابخانەی سەرەتایی بووە، ئەویش بەجۆرێك پەرپووتو وێرانە، هاکا بەسەرخوێندکارومامۆستاکاندا ڕوخا، ئەگەر بێتو ئەمە روبدات بەقەد تەقینەوەیەکی گەورەی تیرۆرستان زەرەری گیانی لەوشارەدەدا؟ هەروەك مامۆستا نەسرین گوتی: خۆهەرتەقینەوەیەك لەم نزیکانە ببێت یەکەم جار بیناکەی ئیمە بەسەرماندا دەروخێت، دواتر لەرێگەی ئیدارەوە شەش خوێندکاری کچی ئەو پەیمانگایەمان بینی کەباوکیان ئەنفالکراوەوئێستا هەموویان لەبارێکی ئابوری زۆر خراپدا دەژینودرێژە بەخوێندن دەدەن، لەناو ئەوخوێندکارانەدا نەرمین ووتی: من جگەلەخۆم برایەکی تریشم هەیە بەناوی ئاسۆ بەڵام ئەوخەریکە دەست لەخوێندن هەڵدەگرێت، مەبەستی نەرمین ئەوە بلێت: چونکە ئەو کورەو دەتوانێ کارێکمان بۆبکات. هەروەها خوێندکارێکی تربەناوی تریفە ووتی منیش براکەم بەناوی( جیهان) بەنیازە دەستبەرداری خوێندن بێت، بەڵام دایکم رێگەی نادات. هەروەها (ئەژین) یەکێکە لەو خوێندکارانەو ووتی منیش برایەکم هەیە( بەناوی دلێر) لە پۆلی شەشەمی ئامادەییەو ژیانمان بە زەحمەت بەرێوەدەچێت.

**دواناوەندی عائیشەی کچان:**




سەعات:11:30 چوینە دواناوەندیی عائیشەی کچانو سەرەتا بەرێوەبەر(مامۆستا ساهیرە)مان بینی، بەڵام کەمێك دوودڵبوو لەوەی مامەڵەمان لەگەڵ بکات، چونکە ئەو پێی وابوو، دەبێت مۆڵەتی بەرێوەبەری پەروەردەمان پێبوایە، هەرچەندە لاریمان لەوەنەبوو بچینە لای بەرێوەبەری پەروەردە، بەڵام ئێمە کارێکی زۆروکاتێکی کەممان بەدەستەوە بوو، لەبەرئەوەی ئەو قائیمەی لامان بووتارادەیەك زۆربەی خویندنگاکانی گرتبووەوە، دواتر قەناعەتی کرد کارەکەی ئیمە مرۆڤانەیەو پێویست بەو رۆتینە ناکات، بەداخەوە لەوێ تەنها توانیمان 4 لەوخویندکارانە ببنین.

چنارنەجات: یەکەم کچە خوێندکاری باوك ئەنفالکراو بوو کە دواندمان، مرۆڤێکی شەرمنو نەفس بەرزبوو، خوێندکاری پێنجەمی زانستیەو بەزەحمەت توانیمان هەندێك زانیاری لەبارەی ژیانو گوزەرانیانەوە بزانین، بەڵام لەبەرئەوەی تازە لەخوێندنگەیەکی ترەوە هاتبووە دواناوەندی عائیشە بەرێوەبەرومامۆستاکانیشی زانیاری زۆر یان لەبارەی ژیانی خێزانی چنارەوە نەبوو، هەرچەندە ناوی لەقائیمەکەدا نەهاتبوو کەلەبەردەستی ئێمە بوو، بەڵام ئەوجگەلەوەی باوکی ئەنفالکراوە لەبەرباری ئابووریان خوشکێکی تریشی بەناوی شنۆ نەیتوانیوە لەخوێندن سەرکەوتوبێولەپۆلی شەشەمی زانستی دەستبەرداری خوێندن بووەو دووجاریش تاقیکردنەوەی دەرەکی کردووە، بەڵام سەرکەوتوونەبووە، لەبەرباری سایکۆلۆژی چنارو ئەوشەرمەی لە تیمەکەی ئێمە هەیبوو نەیتوانی وێنەیەکی روونی باری خێزانی خۆیمان بداتێ، بەڵام ئێمە ژمارە تەلەفۆنمان بۆ بەجێهێشتن، بەونیازەی دواترو لەدەرەفەتێکی تردا بتوانن پەیوەندیمان پێوەبکەنەوە، شنۆی خوشکی تەلەفۆنی کردوو ووتی: لەراستیدا ئێمە جگەلەو 150000 دینارەی وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالکراوان زیاتر سەرچاوەی دارایمان نیە، ئێستاش منو چنارودایکم پێکەوە دەژین، ووتی: ئەگەر بێتو شوێنێك هاوکاریمان بکات، بەدڵنیاییەوە بەردەوام دەبم لەخوێندن، ئەو زۆر تامەزرۆی ئەوەبوو کەحکومەتی هەرێم دای بمەزرێنێو بەوموچەیە هەم یارمەتی چنارو دایکی بداتو هەم دەرفەتێکی بۆ برەخسێتەوە تاخوێندنەکەی تەواوبکات لەرێگەی تاقیکردنەوەی دەرەکیەوە، بەڵام گرفتەکەی ئەوەبوو کەئەوان لەرووی ئیدارییەوە سەربە پارێزگای تکریتنو هاتووچۆ بۆمامەڵەکردن لەوێ لەباری ئەمنیەوە زۆر زەحمەتە.

هەر لەدواناوەندی عائیشەی کچان (ئەژین) یەکێك بوو لەوخویندکارانەی باوکی ئەنفالکراوەوئێستاش تەنها خۆیو دایکی ماونەتەوەو پێکەوە دەژین، جگەلەو 150000دینارەی وەزارەتی شەهیدان هیچ سەرچاوەیەکی داراییان نیە.

هەروەها خویندکار ئاوات عادل کچی ئەنفالکراوێکی تربوو، لەخوێندنگای عائیشە خۆییو خوشکێکی تریو دایکی پێکەوە دەژینو سەرچاوەی بژێویان تەنها ئەو 150000 دینارەی وەزارەتی شەهیدانە.

دواتر مامۆستا ساهیرە بەرێوەبەری دواناوەندیەکە پییراگەیاندین کەوا ئەم خوێندکارانە ئاستی زیرەکیان بەرزەو، یارمەتیدانیان کارێکی باشە، چونکە مەسرەف گرانەو جگە لەوئەنفالانەی باوکیان هیچ داهاتێکی تریان نیە، ووتیشی ئەم خوێندکارانە ماوەی نیوکاتژمێر بەپێدەبرن لەنێوان خوێندنگاوماڵەوەیاندا.

**ئامادەیی ئیبن خلدوون:**




سەعات 12:15 گەیشتینە دواناوەندی ئیبن خەلدوون، لەگەڵ بەرێوەبەر (مامۆستا ڕەمەزان فەقێ حوسێن) گفتوگۆمان کرد، ئەوکەچاوی بە قائیمەکەی بەردەستی ئێمە کەوت ووتی ئەمانە ڕاستە باوکیان ئەنفالە بەڵام ئەمە هەموو ناوی ئەو خوێندکارانە نیە کەلەخوێندنگاکەی ئێمەنو باوکیان ئەنفالکراوە، ئەویش زۆر لەسەرموعاناتی ئەوخوێندکارانە بۆمان دواو بەحەسرەتێکەوە ووتی: ئێمە زۆرخراپ گیرمان خواردووە، خۆشمان نازانین ئیمە سەربە کام حکومەتین، ئەویش ئەو قسەی پشت ڕاستکردەوە ووتی: بۆدوو سالیش دەچێت نەك هەر کتێبودەفتەر تەنانەت یەك قەلەممان بۆنەهاتووە، هەمووی خوێندکارخۆی دەیکرێت، خوێندکاریش بەو وەزعە خراپەی خۆیەوە!! یان باوکی ئەنفالە یان لەتەقینەوەدا کوژراوەو بووەتە قوربانی یان هەرلەبنەڕەتەوە هەژارن..هەناسەیەکی هەڵکێشاو ووتی هەقوایە ئێوە کار لەسەر ئەوەبکەن ئەو یاسایە زیندوو بکەنەوە کە بۆخوێندکاری هەژار هەبوو بەناوی ( قانون الگلبە لمتعففین) دواتر مامۆستا ڕەمەزان دەستخۆشی لەپرۆژەیەکی ئاوا کرد کەیارمەتی ئەو خوێندکارانە بدرێت، لەناو ئەو باسەدا نمونەیەکی هێنایەوەو ووتی: خوێندکارێکمان هەبوو( ناوی خوێندکارە لام پارێزراوە- ع) زۆر زیرەك بوو، نەبوونی وای لێکرد قسەی سەیروسەمەرەی دەکرد، ڕووی کردە توندوتیژی.. بەڵام قسەم لەگەڵ چەند خزمێکی کردوو یارمەتیان داو خۆشمان هەندێك یارمەتیمان بۆ کۆکردەوە، شوکر گەڕایەوە سەرخوێندنو ئێستاش بەهەمان ڕادەی زیرەکی خۆیەوە بەردەوامەو لەو بیروباوەرو ڕەفتارەش دورکەوتەوە.

ئەفسوس.. بەداخەوە لەبەر کاتی تەواو بوونی دەوامی بەیانیان لەم ئامادەییە تەنها توانیمان چاومان بەیەك خوێندکار بکەوێت، بەناوی ڕزگار کەخوێندکارێکی وریاو زیرەك بوو جگەلەوەی زۆر دەستخۆشی لێکردین بۆ ئەم پرۆژەیە چەند جارجەختی کردەوە لەوەی کە ئامادەیە بۆهەر جۆرە هاوکاریەکی ئەم جۆرە پرۆژانە، ووتیشی هەق نەبوو کەسوکاری ئەنفالکراوان ئاوا پشتگوێ بخرێن.

## ئامادەیی بازرگانی کوران:



کاتژمێر 2:35 دەقیقە چووینە ئامادەیی بازرگانی کوران، دوای ئەوەی سەرەتای پرۆژەکەمان لەگەڵ بەرێوەبەری ئامادەییەکە (مامۆستا بورهان بەرزنجی)کردەوە زۆر بەگەرمی پێشوازی لەپرۆژەکەکردو دەسخۆشی لەهەردوو رێکخراوەکە کرد، لەڕاستیدا هەماهەنگی مامۆستا بورهانو بەرێوەبەری خوێندنگاکانی تریش  چ لەگەڵ خومانو چ لەگەڵ خوێندکارەکان زۆر جیگەی رێزە..دواتر 5خوێندکارهاتن هەموویان باوکیان ئەنفالکرابوو، خوێندکارێکیش بەناوی هێمن حمید لەبەرئەوەی برایەکی نەشتەرگەری بۆدەکرا نەهاتبووەوە، کەوتینە گفتوگۆ لەبارەی خوێندنو باری خێزانی ئێستایانەوە، هەرچەندە خوێندکارەکان وورەبەرزوو نەفەس بەرز بوون، بەڵام هیمای هەژاری بەئاشکرا بەروخساریانەوە دیاربوو، بەتایبەتی ئەوکاتەی گفتوگۆی پرۆژەکەمان لەگەڵکردنوداوامان لێکردن بەردەوام بن لەسەر خوێندنەکانیانوپێمان راگەیاندن: کەئیمە بۆهاوکاریتان هاتووین هیوایەك ڕەنگیانی گەشاندەوە.. حاڵەتێك بوو کەم مرۆڤ هەیە خۆی لەبەردەمی ئەوموعاناتەیاندا بگرێت.. دوا داواکاری ئەوخوێندکارە گەنجانە ئەوە بوو کەوا شارەکەی ئەوانیش لەهەندێك پرۆژەی گەشەپێدان بێبەش نەبێت، وەکوخولی فێر بوونی کۆمپیوتەرو زمانی ئینگلیزی، ئەم داواکارییەی خوێندکارانی ئامادەیی بازرگانی ئەوەندە کاریگەر بوو بە زەحمەت توانیم خۆم کۆنترۆڵ بکەمو نەدەمە

پرمەی گریان، بەتایبەتی ئەوکاتەی ئازاد محمدی خوێندکار ووتی: ئیمەش ئینسانین حەزمان لە فێربوونی کۆمپیوتەرە. بەقسەی ئازاد خێزانەکەیان بریتین لە 7 سەرخێزان، جگەلەو 150000دینارەی وەزارەتی شەهیدو ئەنفالو موچەی برایەکی تری کەپۆلیسە هیچ سەرچاوەیەکی داراییان نیە.

(کاروان)یش خویندکارێکی تری ئامادەییەکەوقۆناغی دووهەمە، لەگەڵ دایکیدا پێکەوە دەژین، جگە لەموچەی ئەنفالانەی باوکی هیچ سەرچاوەیەکی تری داهاتیان نیە.

فریاد کەلەقۆناغی دووەمی ئامادەیی بازرگانیەویەکێکە لەوخوێندکارانەی شایستەی یارمەتیدانە، کورە تاقانەیەو لەدوای باوکی ئەنفالکراوی تەنها بەجێماوە، ئێستا لەماڵی پوری دەژی. هێمن ئەوکورەی نەهاتبوو بۆ دەوام ئەو لەگوندی گەرمك دەژیو بۆخوێندن هاتووەتە شاری دوز، ئیستا لەماڵی دادای نیشتەجێیە. مامۆستا بورهان بەرزنجی قسەکەی پشتراستکردەوەو ووتی راست دەکات ئێمەش پێنج شەممان کەمێك زووتر ڕێگەی رۆیشتنەوەی پێدەدەین تا بروا بۆ ماڵ.

دواساتەکنی ئەو بەسەرکردنەوەیەمان لە سەعات 3:30ی عەسر کۆتایی پێهێناو بەرەو کفری گەراینەوە، دواتر پرۆژەکەمان گەڵاڵەکردو دامانە ئۆفیسی سلێمانی وادی ئەلمانی تا پێکەوە لەگەڵ ناوەندی چاك بەهەماهەنگی جێبەجێی بکەین، بەڵام خۆشبەختانە بەرلە دەستپێکردنی ئێمەو هاتنەوەی رەزامەندی ئۆفیسی سەرەکی وادای لەئەلمانیا، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهەوڵو کۆششی وەزیری ناوخۆ هەمان ئەو پرۆژەیەی گرتە ئەستۆو بری 100.000 سەدهەزار دیناری بۆهەر خوێندکارێك دیاری کردو رۆژی 2007/11/30 جێبەجیکراو خوێندکاران لەو موچەیە بەهەرەمەند بوون، لەهەمان کاتیشدا جیگەی داخە کە هەواڵی ئەوەهەیە، نزیکەی 30 خوێندکاری تر کەباوکیان ئەنفالکراوە، ئەو یارمەتیە نەیگرتوونەتەوە. بەهیوای ئەوە حکومەتی هەرێم بەدواداچوونیی لەبارەوە بکاتو ئەوانیش بێبەش نەبن.

سوپاس بۆرێکخراوی وادی ئەلمانی کەبەبێ هیچ دودلیەك هاتنە پێشەوەو بریاری هەماهەنگیوسەرخستنی ئەوپرۆژەیەیان لەگەڵ ناوەندی چاك دا.

ماوەتەوە بیلێین: ئێمە وێرای سوپاسمان بۆ هەر بەتەنگەوە چوونێك لەلایەن حکومەتی هەرێم یان لەهەرلایەنێکەوە بۆخوێندکارانی دوزخورماتوو، هەردوو رێکخراو (ناوەندی چاك لەکوردستانو وادی ئەلمانی) دەستبەرداری ئەم پرۆژەیە نابین، هەوڵدەدەین لەداهاتووشدا لەناوچەیەکی فراوانتردا، بەتایبەتی لەگەرمیانوهەڵەبجە ئەم ئەرکە جێبەجێی بکەین، بەتایبەتی خوێندکارانی کەسوکاری ئەنفالکراوانو کیمیاباران کەپێویستیان بەیارمەتیو دەستگیرۆیی هەیە.